کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-11-2007 2:22بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## پێش ئەوەی داوا لە خەڵک بکەین خەڵاتی نۆبڵ ببەخشن بە سەرکردەکانمان دەبێ خۆمان وەکو کورد متمانەی ئەوەیان پێ بدەین کە ئەوان سەرکردەی نەتەوەیین ... باوکی شازاد

پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکە دەمەوێت هەمومان بزانین ئەو خەڵاتە هەرچەندە گەورەیەو مانای خۆی هەیە، بەڵام بێلایەنیشی تیا نیە بەتایبەتی لەو شتانەی کە پەیوەندیان بە سیاسەتی نێو نەتەوەیی هەیە دەوڵەتە زلهێزەکانی دونیاش بەتایبەتی ئەمریکا دەوری خۆی دەبینێ لە کاندید کردنی ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێردرین بۆ ئەو مەبەستە،
بەڕاستی من نازانم مەهاباد خانی قەرەداغی مەبەستی چی بو لەو دەست پێشخەریە، ئایە تەنها وەکو کەسێکی کورد پەروەر و نەتەوەیی ئەو بیرۆکەی بۆ هاتوە یان وەکو ئەوانی تر ماستاو سارد کردنەوەو خۆ بردنە پێشەوەیە بۆ ئەوەی جارێکی تر پۆستێک وەر بگرێتەوە لە ئیدارەی هەرێمی کوردستان یان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەلەشمان نیە بەو نزیکانە ئاکامەکانیمان بۆ ڕوندەبێتەوە، هەروەک کۆنە وەزیریکی ڕۆشنبیر شتێکی لەو بابەتەی کردو سەریشی گرت، لە سایەی خوا ئێستا موچەیەکی خانەنیشینی باشی وەزیری وەردەگرێت کە بەدریژی تەمەنی دژی بنەماڵەی بارزانی بو تەنها یەک جار چوە سەر گۆڕی خوالێخۆشبو (مەلا مستەفابارزانی) نەمرو هەندێک بۆی گریاو وقژو تیتکی خۆی دەرهێناگوایە خەمی ئەوەیەتی چۆن قەبرەکانی ئەو بەڕێزانە وا بێناز لەبەر باران و بەفردان دەبێ بخرێنە ژێر باشترین قەسر وا خۆی نیشاندەدا کە ئەو نازانێت خۆیان نایەڵن خانو لەسەر قەبرەکانیان دروست بکرێتئەو برادەرە خۆی لە گێلی دابوو، هێندەی پی نەچو وەزیرێکی ژیکەلەی لی دەرچو هەرچەندە ماوەکەی زۆر درێژ نەبوو وەکو وەزیرە پارتیەکان کە وەکوو کۆنکرێت کرابن ئاوان لەوەتی حکومەتی کوردستان دروست بوە هەروەزیرن و بڕیاریان داوە بە وەزیریش بمرن، هەر دەڵێی خوا تانها ئەوانی دروست کردوە بە وەزیری کەسی تر ئەو مافەی نیە، یان وەکو دزەکەی وەزارەتی ئابوری و دارایی کە ناوی (ڕەشید تاهیرە) هەمو خەڵک هاوار دەکات بابە ئەو کابرایە دزە نەخێر لەگەڵ کێتە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر گرنگی پێ دەدەن و دەیهێننە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان لە ڕقی خەڵک، لەگەڵ داوای لێ بوردن لە (مەهاباد خان) لێمان مەگرە چاومان ترساوە لەبەر ئەوەی سەرکردەکانمان هێندە ساویلکەو خۆشباوەڕن بە یەک مست ئاو دەکەونە مەلە، زۆر کەسمان دیوە بە نوسینی یەک مەقالە لە بەرژەوەندی بەرپرسێکی گەورەی بەڕێز پاش ماوەیەکی زۆر کورت هێنراوەتەوەو کراوە بە موستەشاری سیاسی ئەو سەرکردەیە لەکاتێکدا بە سەدان کەسی خەباتگێڕ و خاوەن شەهید بۆخۆیان لێی کەوتون کەس ناڵیت ماڵتان لە کوێیەو ئاوڕیشیان لێ نادرێتەوە هەردەبی بڵێن ئەو نانە بەو دۆشاوە، بەبێ ئەوەی سەر بە حیزبەکەشی بێت تەنها بەو مەقالەیە خۆی بەبیری سەرکردەکە هێناوەتەوە، سەد دەر سەد نیشانەکانی خۆی پێکا ئێستا هەر لە پیشەخۆی دەڵێ گۆرانی (یاخوا هەربژی مامە) دەڵێت ئەگەر مامە نەبێت کێ ئەو کەسانەی لەبیرە، زۆر نمونەی زیندوی تریشمان هەیە پێویست ناکات بچینە ناو تەفاسیلیەوە، بۆیە وڕوژاندنی بابەتێکی هەستیاری لەو جۆرە پێویستی بە لیکۆڵینەوەی زۆر هەیە هەتا بتوانین پشتگیری لی بکەین وەکو کەسێکی کورد، بە کارێکی نەتەوایەتی لە قەڵەمی بدەین و نەبین بە پێخۆری کاسانی بەرژەوەندی خواز کە خۆیان دەخەنە ژێر چەتری نەتەوایەتی کە گەیشتن بە مەرامی دیاری کراو، باوکی خۆیان ناناسن، بەهەر حاڵ با لە بابەتەکە دەرنەچین گەلی کورد هەتا ئێستا خۆی بە خاوەنی سەرکردەو ڕابەری نەتەوایەتی نازانێت هەرچەندە هەڵبژاردن کراوە بەهۆی ئەو هەڵبژاردنانە توانیومانە بناغەکانی نیمچە دەوڵەتێک دروست بکەین ئەگەر دوژمنان ڕیگامان پێ نەگرن و گیرو گرفتمان بۆ دروست نەکەن، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچیتەوە هەمو پۆستەکانی هەمانە مولکی حیزبەکانن وە بەهۆی تەوافوقی سیاسی دانراون هەر لە پۆستی سەرەک کۆمارەوە تاکو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و جێگرە بەڕێزەکان و وەزیرەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و هەتا بەرپرسی بچوکترین فەرمانگە خزمەت گوزاریەکان دەبێ سەر بە حیزبێک بێت، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی بەشی شێریان بەرکەوەتوە ناوە ناوەش خەڵکانی وەکو لەوەپێش باسمان کردن وەکو پڵنگ ئاسا خۆیان لە مێگەلەکە رودەکەن و دانەیەکی لێ فت دەکەن و عافیەتیان بێت دیارە لێیان دەوەشێتەوە، ئەوەی لە هەمو شتێک گرنگ تر ئەوەیە هەتا ئێستا ئیمە وەکو کورد وەیان وەکو ئێراقیەک بۆمان ڕون نەبۆتەوە بۆ وێنە بەڕێز هەڤاڵ مام جەلال ئایە بەڕاستی سەرۆکی کۆماری ئیراقە؟ یان سکرتێری حیزبێکی کوردیە، ئایە ئەو بەڕێزە خزمەتی حیزبەکەی و نەتەوەی کورد دەکات یان خزمەتی گەلی ئێراق دەکات؟ وە بە هەمان شێوە ڕیزدار کاک مەسعود بارزانی هەتا ئێستا بۆ گەلی کورد ڕون نەبۆتەوە ئایە ئەو بەڕێزە خزمەتی کورد دەکات یان خزمەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات؟ بۆ سەرکەوتنی سیاسەتەکانی پارتی کاردەکات یان بۆ گەلی کوردستان؟ لەبەر ئەوەی هێشتا نەیان توانیوە پێچەوانەکەی بۆ خەڵک بسەلمێنن، بۆیە من دەڵێم سەرکردەیەکی وەکو کاک مەسعود بارزانی لە گەڵ ڕیزم بۆ خەباتی خۆی و خوالیخۆشبوی باوکی بەڕاستی شایانی ئەوەن کە ڕیزیان لی بگیرێت، بەڵام هەتا خۆی یەکلایی نەکاتەوە لە نێوان حیزبایەتی و کوردایەتی جێی گومانی خەڵکی کوردستانە، هەرچەندە بەو دواییە لە چەند چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ویستی خۆڕاگربێت وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی مەوقیفێکی کوردانە بنوێنێت بە تایبەتی سەبارەت بەو قەیرانەی کە تورکیا دروستی کردوە لەسەر مەسەلەی کوردەکانی باکور و پێناسە کردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەڵام سەرکەوتنێکی کاتی بوو زۆر درێژەی نەکێشا، ، هەرچەندە لەو لاو لەولا گوێمان لە چرپە چرپێک دەبێ کە گوایە موشکیلەی کاک مەسعود لەگەڵ ڕژێمی تورکیا لەسەر شتێکی تری شەخسیە کە پەیوەندی هەیە بەوەی کە تورکیا یەک ملیار دۆلاری ئەوی موسادەرە کردوە لەکاتی هەوڵدان بۆ بردنەدەرەوەی ئەو پارەیە لە ڕێگای لێپرسراوە سەربازیەکانی تورک کە لە کاتی خۆی هاتبونە کوردستان بۆشکاندنی هێزەکانی یەکێتی کە مەترسیان لەسەر پارتی دروست کردبوو دیارە برادەراتیەکەیان گەیشتۆتە ئاستێکی ئابوری بەرز بەڵام وەکو پیلانێکی داڕێژراویش بوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستی بەسەر دابگرن و کەسیش نەبێت شایەدی بدات بڵێت ئەو پارە زۆرە هی کێیە تێدا بزر ببێت، هەرچەندە هیچ دێکۆمێنتەکی فەرمی نیە بۆ سەلماندنی ئەو پڕوپاگەندەیە، نەحکومەتی تورکیاو نە کاک مەسعود ئەو هەواڵەیان پشتراست نەکردۆتەوە، بەڵام لێپرسراوەکانی تورک زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێ سەروەت و سامانی بارزانی لە تورکیا دەستی بەسەر دابگیرێت بەبیانوی ئەوەی لە خزمەتی کاری تیرۆریستی بەکار دەهێنرێت هەروەک تورکەکان بەو شیوە ناوی گەریلاکانی پەکەکە دەبەن، ئەوەش لەوانەیە مانای تر ببەخشێت پێدەچێت بەرژەوەندی تریان هەبێت لە تورکیا، وەکوو کارگەو پاپۆڕی بازرگانی و ساختمانی گەورە، بەڕاستی لەسەر هەرچی بێت ئەوە خۆیان دەیزانن گرنگ لای ئێمە ئەوەیە کە بەداخەوە پاش ئەو فشارە زۆرەی کە خرایە سەر بەڕێزی هیچی تر نەمان بینیەوە هەرچەندە زۆر هەوڵی دا وەکو سەرکردەیەکی نەتەوەیی خۆی بناسێنێت زۆر کەسیش دڵیان بۆهەڵویستەکانی لێی دەدا بەهۆی هەندێک لە هەڵویستە باشەکانی، بەداخەوە بۆچونەکانی لە لایەن ڕای دەولی قەبوڵ نەکرا بەتایبەتی لە لایەن ئەمریکاو بازاڕی ئەوروپی هاوبەش، تەوژمەکە زۆر بەهێز بوو دەترسا کەوا ڕایماڵێت بۆیە خۆی لێ کێشایەوە پێش ئەوەی کە تورکیا بەدەیان تاوانی بخاتە پاڵی، هەتا ئێستاش تورکە ڕەگەز پەرستەکان هەر نەوەستاون ڕۆژانە گەف و گوڕی لی دەکەن هەندێ جار باسی ئەوەش دەکەن بە هۆی کردەوەکی سەربازی بیڕفینن، بەڵام گرنگ نیە ئەوەش هەر دەچێتەوە خانەی نەتەوایەتی ئەگەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دوژمنانی گەلەکەت زەمت بکەن ئەوە سەربەرزی بۆ ئەو کەسە تۆمار دەکریت گەواهی نامەیەکی باشە، بۆیە بەبۆچونی من هەتا ئێمە لەناو خۆمان ساغی نەکەینەوە کە کاک مەسعود سەرکردەیەکی نەتەوەیی کوردە خەڵکی تر ناتوانن ئەو متمانەیەی پێ بدەن بۆ گەیشتن بەو هیوایەش کە سیاسەت وانێکی کورد خەڵاتێکی لەو شێوەیە وەر بگرێت هێشتا پێویستیمان بە کاتێکی نادیار هەیە و دەبێ بەرژەوەندی نێو دەوڵەتی زیاتر بکەوێتە ناو کوردستان بۆ ئەوەی زیاتر گرنگیمان پی بدەن بەتایبەتی مەسەلەی نەوت و بازرگانی و بەرەنگار بونەوەی تێرۆریستان ئەو سێ هۆکارە لەوانەیە گەلی کورد بگەیەنێت بە مافی ڕەوای خۆی، لەبەر ئەوەی هێشتا کورد وکو نەتەوەیەک هیچی بەهیچ نەکردوە بۆ خودی خۆی جا خەڵک چ کارێکی بە ئێمە دەبێ تاکو بمانخەنە نێو ئەجێندای سیاسی خۆیان، ڕاستە هەموو شتێکمان لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەچێت بەڵام وەرە ناوەخنەکەی تەماشا کە هەموی بۆشەو هیج ناوکی تیا نیە، کۆمەڵیک خەڵکی نامەسئول و تالانچی و گەندەڵ دەستیان بەسەر کاروباری وڵات داگرتوە بەڕاست و بەچەپ دزی دەکەن و دەیانەوێت بە کوردایەتیش بۆیان بژمیردرێت، بەڵام دورلە هەندێکیان کە بەڕاستی سەلماندویانە کە ئەوان کەسانی شەریف و نیشتمان پەروەرن و خەباتی خۆیان لەدەست نەداوە نزیک ئەو دیاردە ناشیرینانە نەکەوتونەتەوە هەرچەندە وەک و مافێکی خۆیان هەندیک سودمەند بونە بەڵام لە سنوری مەعقول تێنەپەڕیون، ئەوەی تر بەری لێبگرە چەند دزو جەردەیەکیان لە خەڵک کۆ کردۆتەوەو هەرکەسە بۆخۆی وەکو خواردنی سەربوکان بەلای خۆی ڕایدەکیشی و هەرچەندی بەریشی دەکەوێت هێشتا خۆی بە مەغدور دەزانێت وادەزانێت میراتی خزمێکی بیمنداڵی خۆیانە بۆیان ماوەتەوە و لەوان زیاتر کەس مافی ئەوەی نیە بەشداریان بکات، نازانن ئەوە سەروەت و سامانی گەلەکەمانە، خوێنی ئاڵ و سوری شەهیدەکانمانە شەبەق شەوقەداتەوە، ئێستا وا دەیرنیننەوە وەکو ئاژەڵە گۆشت خۆرەکان شەڕی لەسەر دەکەن، دزەکان ئەوەندە لێزانن هەردەڵێی هەمویان دەرچوی کۆرسی مافیا دەولیەکانن ئەوەندە خیبرەیان هەیە لە بواری دزی و گەندەڵی و پارە کۆکردنەوە، حیزبەکەی بەرێز کاک مەسعودبارزانی و خزمەکانی لە ریزی پێشەوەن ئینجا خزمەکانی بەڕێز مام جەلال و یەکێتی و ئەوانی تر دێن، هەولێریش باشترین شایەدحالە بۆ سەلماندنی قسەکانم، وەرن لیژنەیەکی نیشتمانی یان نێو نەتەوەیی پێک بێنن بزانن خەڵکانی سەر بەو حیزبانەو خزم و کەسەکانیان چیان کردوە بەو کوردستانە قوڕبەسەرو بەشبەش کراوە چۆن خوێنی گەل دەمژن وەکو قرنەی نێو قاچی ئاژەڵیان لێ هاتوە هیچ هێزێک ناتوانێت لییان کاتەوە وەها ڕەگ و ریشەیان چۆتە نێو لەشی خەڵک، جا چی ماوە نەیکەن هیچ زەویەکی میری لە کوردستاندا نەماوە ئەوان بۆ خۆیان قۆرخیان نەکردبێت و دەستیان پێی نەگەیشتبێت و بەشی خۆیانیان لێ دانەبڕیبێت، هەرچی دامەزراوی حکومی هەیە دەستیان بەسەرداگرتوەو داخیلی موزایەدەیەکی ساختەیان کردوەو کەسیش لە خۆیان زیاتر نەیتوانیوە بچێت هاوبەشی بکات لە نێو ئەو موزایەدانە، زۆر بێ منەتیشن لە خەڵک زۆربەی ئەوانەی کە سودمەندیش بونە خەڵکانی نامۆن لەو ناوچانە بەتایبەتی لە شاری هەولێر، وایلێهاتوە هەولێریەکان لەنێو ماڵی خۆیان بونە بە بێگانە، باشە هەتا کاک مەسعود سنورێک بۆ ئەو تاڵانکردنە دانەنێت خەڵک چۆن بەسەرکردەیەکی نەتەوەیی قەبوڵی دەکات؟ ڕۆژ نیە ئەو قسانە بەچاویان دانەدرێتەوە بەڵام کەس نیە بیانخوێنێتەوەو گوێمان لێ بگرێت، جا نازانم ئەوە هەتا چەند ڕاستە دەڵێن گوایە کاک مەسعود ناتوانێت هیچ ئیجرائاتیان لە گەڵ بکات؟ لەبەر ئەوەی خەڵکانی بەهێزتر هەن پشتگیریان لێ دەکەن و هەمویان بەیەکەوە شەریکن، بۆیە دەبینین لەمەسەلەی دەست بەسەر داگرتنی ڤێللاکانی سەر ڕێگای مەسیف و هەولێر کە بەڕێزیان بڕیاری لە سەردابو، دوایی نەیتوانی ناچار خۆی لێ نەکرد بەخاوەن و هیچی تر باسی لێوە نەکرد، بەڕاستی ئەگەر وابێت زۆر بەداخەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

26-11-2007 2:22بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەرچەندە من واینابینم کاک مەسعود ئەوەندە بێدەسەڵات بێت لەناو پارتی بەڵام لێرەوە دیار دەکەوێت کە هێشتا ئینتمای حیزبی زاڵە بەسەر کوردایەتیەکەی بۆیە دەیەوێت خەڵکانی ناو حیزبەکەی هەرچەندی بکرێت زیاتر دەوڵەمەند بن هەموی چەند ساڵێکی ترە خەڵک لەبیریان دەچێتەوەو هەتائێستا زۆر شتی وامان دیوە هەروەکو هەڵگیرساندنی شەڕەکانی برا کوژی لێدێت، ڕەوشێکی وا دروست دەکەن خەڵک مەمنون بێت وەکو خۆی لێبێتەوەو، هەرکەس بە تاکەی خۆی هەڵبستێت و دواییش ئەوەی باسی ئەو مەسەلەیەی کرد چاوێکی لێ سور بکەنەوەو بەکەسێکی ئاژاوەگێڕی دابنێن و ئەگەر هەر وازی نەهێنا ئەوە فایلێکی سیخوڕیشی بۆ دروست دەکەن بۆ ئەوەی جارێکی تر فزەی لێوە نەیەت، لەکۆتاییدا هیوادارم گەلی کوردیش ببێتە خاوەنی چەند (نێلسن ماندیللایەک) بۆ ئەوەی شانازیان پێوە بکەین و ناوی گەلی کوردیش بێتە نێو لیستەی ناوی گەلە مەزن و خەباتگێرەکانی جیهان، بەڵام بەداخەوە هەتا ئیستا بەتێرۆریستمان دادەنێن بەبێ ئەوەی هەڵگری سیفاتەکانی تێرۆریستی بین تەنها ئەوەیە گەلێکین داوای مافی خۆمان دەکەین باشە بۆە نەتەوەیەکی 40000000 ملیۆن کەسی هەتا ئێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبێت تازە بەتازە حوکمی زاتیشمان پی رەوا نابینن کە ئێستا هیچ باوی نەماوە لە دونیا تەنها دەبێ کورد داوای بکات ئەویش بە شەرمەوە هەروەک چۆن خێرمان پی بکەن ئاوایە، جا چۆن خەڵاتی نۆبلْمان پی دەبەخشن، هەتا ئیستا بەڕەسمی ناوی کوردستان قەدەغەیە لەترسی دوژمنانی کورد ئەوەی بەهەڵەش بڵێت کوردستان دەبێ داوای لێبوردن لە تورکیا بکات و بڵێن کە ئەوە هەڵەیەک بوەو کراوە دوبارە نابێتەوە هەروەکو کە دیمان بەودواییە چۆن یەکێتی ئەوڕوپا داوای لێبوردنی لە تورکیا کردلەبەر ئەوەی کە ناوی باشوری کوردستانی هێنابو لە ڕاپۆرتێکی خۆی.

باشە خۆ مەرج نیە هەر چاوەڕوانی سیاسیەکان بین خەڵاتی نۆبڵ وەرگرن ئەی ئەو هەموو خەڵکەی هەمانە لە زانکۆکان دەخوینن یان وەکو جالیەی کوردی بڵاو بونەتەوە لەجیهان و لە ئەوڕوپا با ئەوان برەو بدەن بە خوێندنەکانیان وهانیان بدەین بۆ ئەوەی باش بخوێنن تاکو ئەو هیوایەمان بێتە جێ وەکو گەلانی دونیا فەخر بەڕۆڵەکانمان بکەین، مەسەلەی سیاسەت زۆر گرێو گاری تیایە ئەگەر بڕوانینە ئەوەی کە چۆن یاسر عەرەفات لە کاتی خۆی خەڵات کرا ئەوەش هۆکارەکەی ئەمەریکاو ئیسڕائیل بوو وە ئیتفاقیەی ئۆسلۆش دەوری خۆی بینی لەبەر ئەوەی ئەو خەڵاتە لە نۆروەیج دابەش دەکرێت و ئەوانیش دەیانەوێت جێ دەستیان دیار بێت لە مەسەلە نێو نەتەوەییەکانی وەکو فەلەستین وناخۆشی نێوانی عەرەب و جولەکەکان، هیوادارم بەو نزیکانە ڕۆڵەیەکی گەلەکەمان لە بوارێکی زانستی خەڵاتێکی نێو نەتەوەیی بەدەست بێنیت وهەمومان پیی سەربەرز بین... بژی کوردو کوردستان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.